Iraqi Kurdistan
parliament
Kurdistan - Erbil

NO:

DATE:



پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

کوردستان ـ هەولێر

لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجیکردن و

هاوچەرخکردنی لادێکان

ژمارە:

رۆژ:

---

## بۆ /سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق

## بابەت/تێبینەکانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەسەر بودجەی ٢٠١٢.

سەعات (٤)ی ئێوارەی رۆژی سێ شەممە بەرواری ٢٠١٢/٥/٢٩ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و هاوچەرخ کردنی لادێکان دوا کۆبونەوەی خۆی سەبارەت بەتاو توێ کردنی پرۆژە یاسایی بودجەی سالی ٢٠١٢ ئەنجامدا بۆ گەلالە کردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لەوبارەیەوە،دوای کۆبونەوە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو دەستەی وەبەرهێنان رۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٢/٥/٢٣ گفتوگۆ کردن لەگەلیان بۆ ئەو مەبەستە لیژنە سەرنج و تێبی نیەکانی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە خستەروو:

١- لەسەر مادەی(١)کە بریتیە لە داهاتی چاوەروانکراو (تخمینی )بۆ بودجە بەرای ئێمە داهات کەمە بە تایبەت داهاتی وەزارەتەکان کەمە ،داهاتی دەروازە سنوریەکان و داهاتی نەوت دیار نیە.

٢.بەنسبەت پرۆژەکانی وەزارەتەکان لە سنوری پارێزگاکاندا پێشنیار دەکەین (پرۆسەی اعلان و تەندەرین و احالەو فتح و...هتد)،بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی تایبەت مەند لە پارێزگاکاندا ئەنجامی بدات تا زیاتر سود لەکات وەربگرن و ڕۆتین کەم بکرێتەوە .

٣.مادەی (٨)چوارەم پێمان وایە ئەم مادەیە جێ بەجێ ناکرێت لەبەر ئەوەی توانای جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و پرۆسەی بانگەواز و دواکەوتنی بودجە وادەکات کە هەرگیز پێدانی پێشینەی پرۆژەکان یاخود خەرج کردنی بودجەی پرۆژەی وەبەر هێنان هەرگیز لە ماوەکەمەدا ناکرێت کە ماوە بۆ سالی ٢٠١٢ دوای پەسند کردنی بودجە .

٤ بۆ ماددەی یانزە :- هەموو فەرمانگەیەك چەند دەرەجەی وە ظیفی کەمەو پێویستە ئەوەندە دابمەزرێنێت وە لەکاتی کردنەوەی فەرمانگەی نوێ بۆ قەزاو ناحیەکان فەرمانبەر بۆ ئەو شوێنانە لە پێشەوە دابمەزرێت،بەتایبەت لەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە.

٥.بە پێ ی یاسایی ژمارە (٧)ی سالی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو ،پێویست بوو لە بودجەی سالی ٢٠١٢ گۆژمەیەك دابنرێت بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەلکی کەم دەرامەت بۆیە پێشنیار دەکەین کوژمەی (٢٠٠)ملیار دینار بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێت.

٦. هەر پرۆژەیەك كاری دیزاینی تەواو نەبوبێت ناكرێت گوژمەی بۆ دیاری بكرێت و بخرێتە خشتەی پرۆژە پێشنیار كراوەكان لە هەمان ساڵدا.

٧.بودجەیەكی باش بۆ بەرێوەبەرایەتی یەكانی چاكردنەوەی رێگاوبان(صیانه الطرق)،لە بودجەی ئاسایی دابنرێت،بۆ ئەوەی دەست كراوەبن بۆ چاككردنەوەی رێگا گشتی یەكان بە تایبەتی لەكاتی داخستنی رێگایەك بۆ نۆژەنكردنەوەی ئەبێت رێگای تر (طرق بدیله)راستەو خۆ دروست بكرێت.

٨. كردنەوەی حسابێكی تایبەت بەناوی (حسابی جێ بەجێ كردنی پرۆژە بەردەوامەكان )
بە پێ ی مادەی ٣٣ لە لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١١ كە لە حاڵەتی خەرج نەكردنی پشتیوانی تەرخانكراو بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە كۆتایی ساڵی داهاتوودا تا ئێستا ئەم حسابە نەكراوەتەوە ئەگەر كراوەتەوە بڕەكەی چەندە كە گەراوەتەوە.

٩. پشكی بودجەی پرۆژە پێشنیار كراوەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لە بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٢كەمەو بەشی ئەو پرۆژانە ناكات كەلە پلانی وەزارەتدا پێشكەش كراوە بۆیە پێشنیار دەكەین پشكی بودجەی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە زیاد بكرێت.

١٠. وەزارەتی پلاندانان ،بە گوێرەی ئەولەویات و پلانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە،پرۆژەی پێشنیار كراوی ئەو وەزارەتەی نەخستۆتە خشتەی پرۆژە پێشنیار كراوەكانی بودجەی ساڵی ٢٠١٢،بۆیە پێویست بوو بە پێ ی ئەولەویات و پلانی وەزارەت پرۆژە دابنرایە.

١١. ئەو پرۆژانەی كە بۆ ناوچە دابراوەكان خراونەتە لیستی پرۆژە پێشنیار كراوەكانی ساڵی ٢٠١٢و بڕیارە گوژمەی تێچونەكەی لەسەر بودجەی گشتی هەرێم بێت بەڵام وەزارەتی دارایی لە بودجەی ئاسایی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەدایناوە ئەبیت ئەمە راست بكرێتەوە.

١٢. بە پێداچوونەوەو وردبینی كردن بە خشتەی پرۆژە دواكەوتووەكان كە لەگەڵ پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٢ هاتووە دەركەوت كەبە شێكە لە پرۆژەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە لەو خشتەیەدا بە پرۆژەی دواكەوتوو داناندرێت بەلكو پرۆژەی بەردەوامن.

١٣ . هەندێك لە پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە(یەكەی نیشتەجێ بوون ،رێگاوبان)نە چۆتە بواری جێ بەجێ كردنەوە چوونكە نەتواندراوە زەوی پێویستیان بۆ دابین بكرێت و كێشەی كوژانەوەی زەوی كوشتوكاڵی و قەرەبوی جوتیارەكان رێگربووە.

١٤.  سەبارەت  بڕی ئەو (٧٥٠٠)حەوت هەزارو پێنج سەد هەزار دۆلارەی کەبریار بوو وەك بەخشش بدرێ بە لادێکان بەمەبەستی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانکردنەوەی گوندکان ,پێویستە لە پرۆژە یاسای بوودجەدا ئەمە بچەسپێت وە بە پێی زانیاریەکانی دەستەی وەبەرهێنان (٤٠)چل ملیار دینار ماوەتەوە لە دەروازەی بەخششەکاندا (المنح) (٥٠)ملیار دینارە دانراوە کە کۆی گشتی (٩٠)نەوت ملیار دینار ئەم برە بدرێ بەلادێکان بەبەخشش بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بەم شێوەییەی خوارەوە:

- ئەولەویەت بۆ لادێ دوورەکان وسنووری یەکان بێت .
- بە دوو ساڵ بدرێت بە هاولاّتی، واتا بە دوو قسط بدرێتە هاولاّتی .

١٥.دەستەی وەبەرهێنان کێشەی نەبوونی یەکەی سەرپەرشتیاران هەیە و ناتوانن خۆیان سەرپەرشتی ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانە بکەن  بەمەش کوالیتی یەکەکان وەك پێویست بەرزەفت ناکرێت بۆیە پێویستە گۆژمەی پێویست لەبودجەی دەستە بۆ ئەو بوارە تەرخان بکرێت.

١٦.  ئەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەدا بۆ دەستەی وەبەرهێنان تەرخان کراوە بۆ گەیاندنی پرۆژەی خزمەت گوزاری بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون وا باشترە ئەو پرۆژانە لە ڕێگای فەرمانگە پەیوەند دارەکان لە  پارێزگاکان و بە ئاگاداری دەستەی وەبەرهێنان جێ بەجێ بکرێت .

١٧. لیستی ئەو پرۆژانەی کە لەسەر شیرینی نەوت جێ بەجێ کراوەو جێ بەجێ دەکرێت چین و لەکوێن پێویستە ئاشکرا بکرێت،

١٨. پێشنیار دەکەین کە بوودجە لەکاتی خۆیدا بێتە پەرلەمان چونکە پێمان وایە بۆتە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکان.

*لەگەڵ ڕێزدا........*

| | | |
|---|---|---|
| خليل عوسمان محمد امين<br>بريارده‌ر | شلێر محمد نجيب<br>جێگر | حمه سعيد حمه على<br>سه‌رۆك |
| ارام شاهين داود<br>ئه‌ندام | جمال طاهرابراهيم<br>ئه‌ندام | شڤان احمد عبدالقادر<br>ئه‌ندام |
| كاروان صالح احمد<br>ئه‌ندام | په‌يام احمد محمد امين<br>ئه‌ندام | |